ڕژێمی ئێران سزای لەسێدارەدانی بەسەر کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێکرد



ڕژێمی ئێران سزای لەسێدارەدانی بەسەر کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێکرد، کە پێشتر دوو برای تری لە لەسێدارە درابوون.

تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاند، "دەسەڵاتی دادوەری ئێران سزای لەسێدارەدانی بەسەر هاوڵاتییێکی خەڵکی شاری بۆکاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێ کرد، کە پێشتر دوو برای بە هۆکاری سیاسیەوە لەسێدارە دراون، هاوکات هەمان سزایان بەسەر هاوڵاتییێکی دیکەی کوردی یارسان (کاکەیی)دا سەپاند".

کەمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاندووە، کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو "حوسێن مەحەممەدی" تەمەن 52 ساڵ، دوای 15 ساڵ زیندانیکردنی لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری ئێرانەوە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ کرا.

بە گوتەی تۆڕەکە، ئەو هاوڵاتییە کوردە کە خەڵکی گوندی "تیکان تەپە"ی سەر بە شاری "بۆکان"ە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خێزاندار و خاوەنی دوو منداڵە، پێشتر لە شاری "ڕەشت"ی باکووری ئێران دەستبەسەرکراوە و لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری ئەو شارەوە بە تەمەتی هەڵبەستراوی "تەوەگلان لە بازرگانی ماددەی هەشبەر"دا سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرابوو.

ئاماژەیان بەوەشکردووە، کە حوسێن مەحەممەدی پێشتر دوو برای بە ناوەکانی "حەسەن و ئیسماعیل مەحەممەدی" بە تەمەتی سیاسی لەلایەن رژێمی ئێرانەوە لەسێدارە درابوون.